# تحديات وفرص الذكاء الاصطناعي في الاثبات المعاصر

**گۆران محمد قادر**
طالب في قسم خاص ماجستير
قسم القانون ، فاكلتي العلوم الإنسانية و الإجتماعية ،
جامعة كوية ، اقليم كوردستان، العراق
goranmahammad@yahoo.com

**أ. د. همداد مجيد علي**
قسم القانون، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية
جامعة كوية، إقليم كردستان، العراق
قاضي في محكمة استئناف السليمانية / نائب الرئيس
Drhimdadmarzani@gmail.com

**الكلمات المفتاحية:** تحديات ، الذكاء الاصطناعي ، الاثبات المعاصر.

**كيفية اقتباس البحث**

قادر، گۆران محمد ، همداد مجيد علي ، تحديات وفرص الذكاء الاصطناعي في الاثبات المعاصر،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الثاني ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# Artificial Intelligence Challenges and Opportunities in Contemporary Proofing

**Goran Mohammed Qadir**
Department of Law, Faculty of Humanities and Social Sciences, Koya Iraq.، University,Kurdistan Region
goranmahammad@yahoo.com

**Prof.Dr. Hamdad Maajeed Ali**
Department of Law, Faculty of Humanities and Social Sciences, Koya Iraq.، University, , Kurdistan Region / Judge in the Sulaimani District Court of Appeal / Vice President
goranmahammad@yahoo.com

**Keywords** : Challenges, Artificial Intelligence, Contemporary Proofreading.

**How To Cite This Article**
Qadir, Goran Mohammed , Hamdad Maajeed Ali, Artificial Intelligence Challenges and Opportunities in Contemporary Proofing, Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, November 2025,Volume:15,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study examines the complex relationship between artificial intelligence (AI) and contemporary evidence, taking into account the legislative gap that has emerged between the rapid development of this technology and traditional legal frameworks. The study highlights the dual nature of AI. On the one hand, it is considered an unprecedented tool for data analysis and evidence discovery, while on the other hand, it poses a serious threat to truth through deepfake technology.

The study demonstrates that under the laws currently in force in Iraq and the Kurdistan Region, AI is not classified as independent evidence, but can only be introduced into the judicial process through expertise. In other words, an AI system is viewed as merely an advanced

auxiliary tool at the disposal of a human expert, and the legal value of its findings depends on that expert's report.

In conclusion, the study concludes that current laws are unable to fully address these challenges. Therefore, it presents a set of recommendations, most notably the need to amend the Evidence Law to clearly address digital evidence, while regulating liability and the burden of proof when using technologies such as deepfake. The study also emphasizes the importance of ongoing training for judges and legal professionals and establishing clear standards for expert practice in this emerging field

## ملخص البحث

تتناول هذه الدراسة العلاقة المعقدة بين الذكاء الاصطناعي (AI) والإثبات المعاصر، مع الأخذ في الاعتبار الفجوة التشريعية التي نشأت بين التطور السريع لهذه التكنولوجيا والأطر القانونية الكلاسيكية، تسلط الدراسة الضوء على الطبيعة المزدوجة للذكاء الاصطناعي فمن ناحية يُعتبر أداة غير مسبوقة لتحليل البيانات واكتشاف الأدلة ومن ناحية أخرى يشكل تهديداً خطيراً للحقيقة من خلال تقنية (التزييف العمي).

وقد أظهرت الدراسة أنه في ظل القوانين النافذة حالياً في العراق وإقليم كردستان، لا يُصنّف الذكاء الاصطناعي بحد ذاته كـ (دليل) مستقل وإنما يمكن إدخاله إلى العملية القضائية فقط من خلال باب (الخبرة)، بمعنى آخر يُنظر إلى نظام الذكاء الاصطناعي على أنه مجرد (أداة مساعدة متطورة) تحت تصرف الخبير البشري وتتوقف القيمة القانونية لنتائجه على تقرير ذلك الخبير.

في الختام توصلت الدراسة إلى أن القوانين الحالية غير قادرة على الاستجابة الكاملة لهذه التحديات، وعليه تقدم مجموعة من التوصيات أهمها ضرورة تعديل قانون الإثبات بشكل يتيح التعامل بوضوح مع الدليل الرقمي مع تنظيم المسؤولية وعبء الإثبات عند استخدام تقنيات مثل (التزييف العميق) كما تؤكد الدراسة على أهمية التدريب المستمر للقضاة ورجال القانون ووضع معايير واضحة لعمل الخبرة في هذا المجال المستجد.

# زیرەکیی دەستکرد ئاڵنگاری و دەرفەت لە سەلماندنی هاوچەرخدا

**گۆران محەمەد قادر خۆشناو**
خوێندکاری خوێندنی باڵا ، یاسا ، بەشی تایبەت
ماستەر
بەشی یاسا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و
کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە
هەرێمی کوردستان،عێراق
goranmahammad@yahoo.com

**پرۆفیسۆر د. همداد مجید علی مرزانی**
بەشی یاسا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و
کۆمەڵایەتییەکان/ زانکۆی کۆیە، کۆیە
هەرێمی کوردستان، عێراق
/دادوەر لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی/ جیگری سەرۆك
Drhimdadmarzani@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان زیرەکیی دەستکرد (AI) و سەلماندنی هاوچەرخ دەکۆڵێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆشاییە یاساییەی کە لە نێوان پێشکەوتنی خێرای ئەم تەکنەلۆژیایە و یاسا کلاسیکییەکاندا دروست بووە، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر سروشتی دوولایەنەی زیرەکیی دەستکرد لە لایەکەوە وەک ئامرازێکی بێوێنە بۆ شیکردنەوەی داتا و دۆزینەوەی بەڵگە و لە لایەکی دیکەشەوە وەک هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر ڕاستی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای (دیپ فەیک)ەوە.

توێژینەوەکە دەریخستووە کە لەژێر ڕۆشنایی یاساکانی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستاندا، زیرەکیی دەستکرد خۆی لە خۆیدا وەک (بەڵگە) هەژمار ناکرێت بەڵکو تەنها لە ڕێگەی بابەتی (شارەزایی)ەوە دەتوانێت بێتە ناو پرۆسەی دادگاوە، واتە سیستەمێکی زیرەکیی دەستکرد تەنها وەک (ئامرازێکی یارمەتیدەری پێشکەوتوو) لەژێر دەستی شارەزایەکی مرۆییدا سەیر دەکرێت و بەهای یاسایی دەرەنجامەکانی بەندە بە ڕاپۆرتی شارەزاکەوە.

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی کە یاساکانی ئێستا توانای وەڵامدانەوەی تەواوی ئەم ئاڵنگارییانەیان نییە بۆیە کۆمەڵێک ڕاسپاردە پێشکەش دەکات گرنگترینیان پێویستیی هەمووارکردنەوەی یاسای سەلماندنە بە شێوەیەک کە بە ڕوونی مامەڵە لەگەڵ بەڵگەی دیجیتاڵیدا بکات لەگەڵ ڕێکخستنی بەرپرسیارێتی و باری سەلماندن



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

لە کاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکانی وەک (دیپ فەیک) هەروەها جەخت لەسەر گرنگیی ڕاهێنانی بەردەوامی دادوەران و یاساناسان و دانانی ستاندارد بۆ کاری شارەزایی لەم بوارە نوێیەدا دەکاتەوە.

وشەی سەرەکی: تەحەددیاتەکان، زیرەکی دەستکرد، ڕاستکردنەوەی هاوچەرخ

**پێشەکی**

لەسەردەمێکدا کە زیرەکیی دەستکرد (AI) بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەرەوە شێوازی ژیان و کارکردنی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت و چەمکە بنەڕەتییەکانی ڕاستی و دادپەروەریش لەبەردەم پرسیاری قووڵ و ئاڵنگاری نوێدا وەستاون، ئەم تەکنەلۆژیایە وەک شمشێرێکی دووسەر دەردەکەوێت لە لایەکەوە بەڵێنی شۆڕشێکی بێوێنە لە شیکردنەوەی داتا و دۆزینەوەی بەڵگەکاندا دەدات بەڵام لە لایەکی ترەوە بەهۆی دیاردەی (دیپ فەیک) و توانای دروستکردنی بەڵگەی ساختەی باوەڕپێکراوەوە بووەتە مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر ڕەسەنایەتیی بەڵگەکان.

لەم نێوەندەدا سیستەمی دادوەری ڕووبەڕووی ئەرکێکی قورس تر بووەتەوە کە بریتییە لە دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان سوودوەرگرتن لەم ئامرازە بەهێزە و خۆپاراستن لە مەترسییەکانی، ئەم توێژینەوەیە بە وردی لەم ئاڵنگارییە فرەڕەهەندە دەکۆڵێتەوە.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە لەو بۆشاییە یاسایی و زانستییەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە نێوان پێشکەوتنی خێرای زیرەکیی دەستکرد و چوارچێوە یاساییە کلاسیکییەکاندا دروست بووە کە ئەم بۆشاییە کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەری دەوروژێنێت:

١.چۆن سیستەمی دادوەری دەتوانێت ڕووبەڕووی تەکنەلۆژیای (دیپ فەیک) ببێتەوە و میکانیزمێکی کاریگەر بۆ مسۆگەرکردنی ڕەسەنایەتیی بەڵگە دیجیتاڵییەکان دابنێت؟ ئایە لەکاتی بانگەشەی ساختەبوونی ئەرکی سەلماندن لە ئەستۆی کێیە؟

٢.بەها و پێگەی یاسایی ئەو شیکارییانەی کە زیرەکیی دەستکرد ئەنجامیان دەدات چییە؟ ئایا تەنها وەک کارێکی شارەزایی هەژمار دەکرێت یان پێویستی بە چوارچێوەیەکی نوێ هەیە؟

٣.ئەگەر زیرەکیی دەستکرد هەڵەی کرد کێ بەرپرسیارە؟

٤.ئایا یاسا کلاسیکییەکانی سەلماندن توانای لەخۆگرتن و وەڵامدانەوەی ئەم ئاڵنگارییە تەکنەلۆژییە ئاڵۆزانەیان هەیە یان پێویستیان بە هەموارکردنەوەی بنەڕەتی هەیە؟

**دووەم: گرنگیی توێژینەوە:**

لە خاڵی بەیەکگەیشتنی یاسا و تەکنەلۆژیادا گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو ڕەهەندی تەواوکەری یەکتردا دەردەکەوێت:

١.**گرنگیی تیۆری (زانستی)**: ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە شیکردنەوەیەکی قووڵ و ئەکادیمی بناغەیەکی هزری تۆکمە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی زیرەکیی دەستکرد لەسەر یاسای سەلماندن دابمەزرێنێت ئەمەش نەک تەنها سەرچاوەی یاسایی کوردی بە بابەتێکی نوێ و زیندوو دەوڵەمەند دەکات بەڵکو دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ توێژینەوەی زیاتر لەم بوارە هەستیارەدا.

٢.**گرنگیی کرداری (پراکتیکی)**: ئەم کارە ڕێنوێنییەکی کاریگەرە بۆ پیشەوەرانی بواری یاسا کە بۆ دادوەران یارمەتیدەرە تا بزانن چۆن هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆ بەڵگەیەکی ئاڵۆزی پەیوەست بە زیرەکیی دەستکرد بکەن هەروەها بۆ پارێزەران ستراتیژیی نوێی سەلماندن یان بەرگری دەخاتەڕوو لە هەمووی گرنگتر بانگەوازێکی ڕوونە بۆ یاسادانەران تا بەپەلە چاکسازیی پێویست لە سیستەمی یاساییدا ئەنجام بدەن.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:**

بۆ چارسەرکردنی ئەو ئاڵۆزییانەی ئاماژەیان پێکرا ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەم ئامانجانە بەدی بهێنێت:

١.پێناسەکردن و پۆلێنکردنی شێوازەکانی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە چوارچێوەی پرۆسەی سەلماندندا.

٢.شیکردنەوەی ڕۆڵی دوولایەنەی زیرەکیی دەستکرد هەم وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ شیکاریی داتا و دۆزینەوەی ساختەکاری و هەم وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ دروستکردنی بەڵگەی ساختە.

٣.گەیشتن بە کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیاری کرداری بۆ پەرەپێدانی سیستەمی سەلماندن بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێشهاتەکانی سەردەمی دیجیتاڵیدا بگونجێت.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر دوو گریمانەی بنەڕەتی بنیات نراوە:

١.زیرەكیی دەستكرد خۆی لە خۆیدا بەڵگە نییە بەڵكو پێگەی یاسایی بریتییە لە ئامرازێكی یارمەتیدەری زۆر پێشكەوتوو كە لەلایەن شارەزای دادوەرییەوە بەكاردەهێنرێت و بەهای یاسایی دەرئەنجامەكانی ڕەها نییە و بەندە بە پشتڕاستكردنەوە و لێكدانەوەی شارەزای مرۆییەوە.

٢.چوارچێوەی یاسایی ئێستا بەتەواوی ناتوانێت وەڵامی ئاڵنگارییەكانی زیرەكیی دەستكرد بداتەوە بۆیە چاكسازییەكی یاساداناني گشتگیر پێویستە بۆ ڕێكخستنی بەكارهێنانی و پاراستنی بنەماكانی دادپەروەری.

**پێنجەم: توێژینەوەكانی پێشوو:**

بابەتی زیرەكیی دەستكرد لە بواری یاسادا لەسەر ئاستی جیهان بابەتی ڕۆژە بەڵام لە چوارچێوەی یاسای ناوخۆیی عێراق و هەرێمی كوردستاندا توێژینەوەی ئەكادیمی لەم بوارەدا زۆر دەگمەنە، جیاوازیی ئەم كارە لەوەدایە كە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو كرۆكی كێشەی زیرەكیی دەستكرد و سەلماندن وەك دیاردەیەكی نوێ و هەوڵی پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە زانستییە دەدات. ئەمانەی خوارەوە كۆمەڵێكن لە تویژینەوەكانی پێشوو:

١.د. أسماء السيد محمد و د. كريمة محمود محمد، تطبيقات الذكاء الاصطناعي ومستقبل تكنولوجيا التعليم،دار الكتاب المصرية،ط١،القاهرة ،٢٠٢٠.

٢.رشا محمد صائم احمد، تطبيقات الإدارة للذكاء الاصطناعي في اتخاذ القرارات الإدارية، جامعة الشرق الاوسط،٢٠٢٢.

**شەشەم: ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە تێكەڵەیەك لە ڕێبازی شیكاری و بەراوردكاری دەبەستێت لە ڕێگەی ڕێبازی شیكارییەوە دەقە یاساییەكان و لایەنە تەكنیكییەكان شی دەكرێنەوە و لە ڕێگەی ڕێبازی بەراوردكاریشەوە دەرفەت و مەترسییەكانی زیرەكیی دەستكرد بەراورد دەكرێن.

**حەوتەم: سنووری توێژینەوە:**

توێژینەوەكە بە شێوەیەكی بنەڕەتی تیشك دەخاتە سەر كاریگەریی زیرەكیی دەستكرد لە داوا شارستانییەكاندا و لە چوارچێوەی یاساكانی سەلماندنی عێراقیدا، بەتایبەتی لە ڕوانگەی بابەتی (شارەزایی) وەك تاكە دەروازەی یاسایی بۆ هاتنەناوەوەی ئەم تەكنەلۆژیایە بۆ ناو دادگا.

**هەشتەم: سەختییەکانی توێژینەوە:**

لە ڕێڕەوی ئەم کارەدا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووینەوە، دیارترینیان:

١.کەمی و دەگمەنیی سەرچاوەی ئەکادیمیی کوردی و عەرەبی لەم بوارەدا.

٢.بۆشایی یاسایی ڕوون و نەبوونی هیچ دەقێکی تایبەتمەند.

٣.خێرایی سەرسوڕهێنەری گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان کە وادەکات بابەتەکە بەردەوام لە گۆڕاندا بێت.

٤.سروشتی فرەپسپۆڕیی بابەتەکە کە تێگەیشتنی تەکنیکی و یاسایی پێکەوە دەوێت.

**نۆیەم: پێکهاتە و پلانی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی لۆژیکی و ڕێکخراو توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە و بەشی دەرئەنجام و پێشنیارەکان، لەسەر بنەمای سێ تەوەری سەرەکی داڕێژراوە:

تەوەری یەکەم: شیکردنەوەی چەمک و مێژوو و جۆرەکانی زیرەکیی دەستکرد.

تەوەری دووەم: ڕۆڵی دوولایەنەی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسەی سەلماندندا (دەرفەتەکان و مەترسییەکان).

تەوەری سێیەم: شیکردنەوەی پەیوەندی و پێگەی یاسایی زیرەکیی دەستکرد بە یاساکانی سەلماندنەوە بەتایبەتی لە ڕێگەی بابەتی شارەزاییەوە.

لە کۆتاییدا هیواداریـن ئەم کارە ببێتە خشتێک لە دیواری بەرزی زانستی یاسایی و خزمەتێک بە دادپەروەری بکات و خوای گەورە پشت و پەنامان بێت.

**تەوەری یەکەم**

**پێناسە و مێژوو و جۆرەکانی زیرەکیی دەستکرد**

زیرەکیی دەستکرد(AI) نوێترین و ئاڵۆزترین تەکنەلۆژیایە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بواری سەلماندن لە داهاتوودا دەبێت، ئەم تەکنەلۆژیایە (هەم دەرمانە و هەم ژەهر) ئەگەر بە دروستی بەکاربێت دەبێتە کلیلی دەرخستنی ڕاستییەکان و خزمەت بە دادپەروەری دەکات بەڵام ئەگەر بە خراپ بەکاربهێنرێت دەتوانێت ڕاستییەکان بشێوێنێت و دادپەروەری بخاتە مەترسییەوە.

لەسەردەمێکدا تەکنەلۆژیا بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشە دەکات و سنوورەکانی توانای مرۆڤ تێدەپەڕێنێت، زیرەکیی دەستکرد وەک یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین داهێنانەکان دەرکەوتووە کە ئەم تەکنەلۆژیایە چیتر تەنها چەمکێکی خەیاڵی زانستی نییە بەڵکو بووەتە ڕاستییەکی بەرجەستە کە لە زۆرێک لە کایەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

ئامادەیی هەیە و شۆڕشێکی بێدەنگی لە شێوازی کارکردن و بیرکردنەوە و تەنانەت ژیانماندا بەرپا کردووە، ئێمە لەم تەوەرەدا سەرەتا بەکورتی تیشك دەخەینە سەر پێناسە و تایبەتمەندیەکانی دواتر مێژووی سەرهەڵدانی و لە کۆتایش جۆرەکانی دەخینەڕوو.

**بەندی یەکەم**

**پێناسە و تایبەتمەندی زیرەکی دەستکرد**

یاساناسان زیرەکی دەستکرد پێناسە دەکەن بەوەی کە (بریتییە لە توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی داتاکان و گۆڕینی داتاکان بۆ زانیاری و لە کۆتاییدا بۆ ئاشنابوون و بەکارهێنانی ئەم ئاشنابوونە بۆ گرتنەبەری ڕەفتارێکی ئامانجدار، گونجانی کاریگەری زیرەکی پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێکی هەڵبژاردە لە چەندین پرۆسەیە کە ئەمانە لەخۆدەگرێت لەوانە تێگەیشتن لە ژینگەی تاک، شیکارکردنی کێشەکان، بیرکردنەوە، فێربوون، یادەوەری،کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان)[١].

یان هەندێکی تر لە یاساناسان بەوە پێناسەی دەکەن و دەڵێن (زیرەکی دەستکرد بریتییە لە توانای ئاشنابوونی تاکەکەس بۆ فێربوون لە ئەزموون و ژیری و لێکدانەوە و بیرەێنانەوەی زانیارییە گرنگەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە)[٢].

یان پێناسەکراوە بەوەی کە (زیرەکیی دەستکرد لقێکە لە زانستەکانی کۆمپیوتەر و ئامانج لێی داهێنان و دیزاینکردنی سیستەمە کۆمپیوتەرییە زیرەکەکانە کە لاسایی شێوازی خودی زیرەکی مرۆیی دەکەنەوە و ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو سیستەمانە بتوانن ئەرکەکان لەبری مرۆڤ ئەنجام بدەن و لە ڕێگەی بەکارهێنانی تایبەتمەندییە چۆنایەتی و پەیوەندییە لۆژیکی و ژمێرارییەکانیانەوە لاسایی فەرمان و تواناکانی مرۆڤ بکەنەوە)[٣].

زیرەکی دەستکرد بە چەندین تایبەتمەندی ناوازە ناسراوە کە بە پووختی ( زیرەکیی دەستکرد لەسەر بنەمای دروستکردنی ئامێری زیرەکە کە وەک مرۆڤ ڕەفتار دەکات و توانایەکی بێهاوتای هەیە بۆ پلاندانان و شیکردنەوەی کێشە ئاڵۆز و ناڕوونەکان لەسەر بنەمای لۆژیک و تەنانەت لە کاتی نەبوونی زانیاریی تەواویشدا ئەم تەکنەلۆژیایە توانای فێربوونی بەردەوام و خۆکارانەی هەیە بەبێ چاودێر و دەتوانێت سوود لە ئەزموونەکانی پێشوو وەربگرێت و لە بارودۆخە نوێیەکاندا بەکاریان بهێنێت هەروەها سیستەمەکانی زیرەکیی دەستکرد دەتوانن مامەڵە لەگەڵ بڕێکی زەبەلاحی داتادا بکەن و شێوازە لێکچووەکان بە کاراییەکی زیاتر لە مێشکی مرۆڤ بدۆزنەوە و توانای ناسینەوەی دەنگ و قسەکردن و تێگەیشتنی بینراو و جوڵاندنی شتەکانیان هەیە ئەمەش وایان لێدەکات بە

خێرایی وەڵامی گۆڕانکارییەکان بدەنەوە و چارەسەری داهێنەرانە بۆ کێشە نائاساییەکان بدۆزنەوە و لە کۆتاییدا زانیاریی پێویست بۆ پشتیوانیکردن لە بڕیارەکان دابین بکەن و دەرئەنجامێک پێشکەش بکەن کە بە کاراییەکی بەرزەوە داواکارییەکانی بەکارهێنەر جێبەجێ بکات)[٤].

کەواتە لە کۆی ئەوەی باسکران دەتوانین زیرەکیی دەستکرد بەم شێوەیە پێناسە بکەین کە: زیرەکی دەستکرد لقێکی پێشکەوتووی زانستی کۆمپیوتەرە کە سیستەمەکان بە توانای فێربوون لە ئەزموون و داتا و لێکدانەوەی لۆژیکی و شیکردنەوەی کێشەکان دەکات و ئامانجی سەرەکی بریتییە لە لاساییکردنەوەی زیرەکی مرۆیی بۆ ئەوەی ئەو سیستەمانە بتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکان جێبەجێ بکەن و بڕیاری ئامانجدار بدەن.

**بەندی دووەم**

**سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد**

سەرەتای مێژووی زیرەکیی دەستکرد بە شێوەیەکی فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنفرانسی دارماوس لە ساڵی ١٩٥٦ کە وەک خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت و ناوی (جۆن مکارس)ی پێوە بەستراوەتەوە و لەو قۆناغەدا بیرۆکە سەرەتاییەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی وەک "بیردۆزی لۆژیکی" و "چارەسەرکەری کێشە گشتییەکان"ـەوە بەرجەستە بوون کە توانای بیرکردنەوە و شیکارکردنی کێشەیان نمایش دەکرد، لەگەڵ هاتنی شەستەکاندا بەکارهێنانی کردەیی زیرەکیی دەستکرد پەرەی سەند و سەرکەوتنی لە بوارە جیاوازەکانی وەک پزیشکی و ئەندازیاری و کیمیادا بەخۆیەوە بینی کە ئەم سەرکەوتنە ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی لە ناوەڕاستی هەشتاکانیشدا بچێتە ناو جیهانی ژمێرارییەوە[٥].

سەرەڕای کەمبوونەوەی بوودجە توێژینەوەکان بەردەوام بوون و لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەمجار کۆمپیوتەر لە یاریی شەتڕەنجدا لە مرۆڤی بردەوە کە ئەمە بووە وەرچەرخانێکی مێژوویی هەروەها ماوەی نێوان ١٩٩٣ بۆ ٢٠١١ بە قۆناغی چەسپاندنی بنەما زانستی و کردارییەکانی ئەم بوارە دادەنرێت و دواتر لە ساڵی ٢٠١١ بەدواوە شۆڕشی "داتا زەبەلاحەکان" بووە هۆی تەقینەوەی تەکنەلۆژی و گۆڕینی تەرکیز لەسەر لایەنی تیۆرییەوە بۆ جێبەجێکردنی کرداری و وەبەرهێنان بەتایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە ئەمڕۆ زیرەکیی دەستکرد بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانە و لە هەموو بوارەکاندا ئامادەیی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک پرسیاری یاسایی ڕەوشتی و فەلسەفیی وروژاندووە کە پێویستیان بە چارەسەرە[٦]. ئێمە هەوڵدەدەین لە تەوەری داهاتوو بیخەینە ڕوو.

**بەندی سێیەم**

**جۆرەکانی زیرەکی دەستکرد**

زیرەکیی دەستکرد چەندەها جۆرن بەڵام بە گشتی بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکرێت:

**١.زیرەکیی دەستکردی بەرتەسک:**

ئەوەی ئەمڕۆ بەردەستە و تەنیا ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکات وەک ناسینەوەی دەنگ یان ئۆتۆمبێلی خۆلێخوڕ[٧]. واتە ئەو جۆرە لە زیرەکیی دەستکردە کە سیستەمەکانی کۆمپیوتەری تێدا بەرنامەسازی دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو و تەنها دەتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەو ئەرکە دیاریکراوە جێبەجێ بکات کە بۆی دیزاین کراوە و ناتوانن لەو چوارچێوەیە دەربچن کە بۆیان بەرنامە بۆ داڕێژراوە هەر بۆیە خاوەنی مەودایەکی زۆر سنووردار و بەرتەسکن لە ڕووی لێهاتووییەوە[٨].

**٢.زیرەکیی دەستکردی گشتی:**

ئەم جۆرە پێی دەوترێت زیرەکیی بەهێز ئامانجی دروستکردنی سیستەمێکە کە خاوەنی ئاستێکی زیرەکی هاوشێوەی مرۆڤ بێت و واتە توانای تێگەیشتن و فێربوون و بەکارهێنانی زانیارییەکانی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی هزری کە مرۆڤێک بتوانێت چارەسەری بکات کە ئەم سیستەمە دەبێت بتوانێت بە شێوەیەکی خۆکارانە بیر بکاتەوە و پلان دابنێت و خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێت[٩].

**٣.زیرەکیی دەستکردی باڵا:**

چەمکێکی گریمانەییە و لە توانای مرۆڤ تێدەپەڕێنێت، ئەم بیرۆکەیە بە (تاقانەیی) ناسراوە کە مەبەست لێی ئەو ساتەیە کە زیرەکیی دەستکرد لە ئاستی مرۆڤ دەچێتە دەرەوە و لەوانەیە هەتا ساڵی (٢١٠٠) ڕووبدات[١٠].

**تەوەری دووەم**

**ڕۆڵی دوولایەنەی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسەی سەلماندن**

زیرەکیی دەستکرد (AI) لە بواری سەلماندندا وەک سکەیەکی دوو ڕوو کاردەکات هەم دەتوانێت کلیلی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بێت هەمیش دەتوانێت گەورەترین هەڕەشە بێت بۆ سەر ڕاستی، بۆ تێگەیشتن لەم سروشتە دژبەیەکە لەم تەوەرەیەدا هەردوو

ڕووی ئەرێنی (دەرفەتەکان) و نەرێنی (مەترسییەکان)ی ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر پرۆسەی سەلماندن شی دەکەینەوە.

**لقی یەکەم**

**ڕەهەندە ئەرێنیەکانی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسەکانی سەلماندن**

لە تەوەری یەکەمدا کاتێک سەیری لایەنی ئەرێنیی زیرەکیی دەستکرد وەک ئامرازی سەلماندن دەکەین دەبینین ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت شۆڕشێک لە پرۆسەی دادگاییدا بەرپا بکات، زیرەکیی دەستکرد وەک ئامرازێکی زۆر بەهێز بۆ یارمەتیدانی پرۆسەی سەلماندن بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لە ڕێگەی توانای بێهاوتای بۆ شیکردنەوەی داتای زەبەلاح کە بەشێوەیەک پێشتر مرۆڤ توانای نەبوو کە سیستەمەکانی زیرەکیی دەستکرد دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا بە ملیۆنان فایل و تۆماری بانکی و نامەی دیجیتاڵیدا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی ئەو بەڵگە شاراوە یان ئەو پەیوەندییە پچڕاوانەی کە دەبنە کلیلی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکە(١١).

جگە لەوەش لە سەردەمێکدا کە دەستکاریکردنی وێنە و ڤیدیۆ و دروستکردنی (دیپ فەیک) بووەتە هەڕەشەیەکی جیددی لەسەر ڕەسەنایەتیی بەڵگەکان، زیرەکیی دەستکرد وەک بەرپەرچدانەوەیەک دەردەکەوێت و دەتوانێت بە وردییەکی زۆرەوە بچووکترین نیشانەکانی دەستکاریکردن ئاشکرا بکات(١٢).

ئەم توانایە متمانەیەکی گەورە بە دادوەر دەبەخشێت تا دڵنیابێت لەوەی کە ئەو بەڵگە دیجیتاڵییانەی لە بەردەستیدان ڕەسەنن و شایەنی پشتپێبەستنن لە کۆتاییدا ئەم تەکنەلۆژیایە تەنها کارئاسانی بۆ دادوەر ناکات بەڵکو کارەکانی شارەزایانی بواری دادوەری سووکتر و وردتر دەکات بەوەی کە کاری شیکردنەوەی سەرەتایی و ماندووکەر لە ئەستۆی ئەوان دەگرێت و ڕێگە خۆش دەکات تا ئەوان سەرنجیان لەسەر لێکدانەوەی کۆتایی و ستراتیژی دۆسیەکە بێت کە لە تەوەری داهاتوو ئەم بابەتە زیاتر ڕوون دەکەینەوە.

**لقی دووەم**

**ڕەهەندە نەرێنیەکانی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسەکانی سەلماندن**

لە بەرامبەر ئەم لایەنە ئەرێنیانەدا ڕوویەکی تاریک و ئاڵۆزی ئەم تەکنەلۆژیایە دەردەکەوێت کە دەتوانێت ببێتە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر بنەماکانی دادپەروەری، ئاڵنگاری و مەترسیی سەرەکیی زیرەکیی دەستکرد لە توانای بێوێنەیەتی بۆ دروستکردنی بەڵگەی ساختەدایە بە شێوەیەک کە جیاکردنەوەی لە ڕاستی نزیکە لە مەحاڵ، وەك

ئاماژمـان پـێدا تەکـنەلۆژیـای وەک دیپفەیـک توانـای دروسـتکردنی گـرتەی ڤیـدیۆیـی و تـۆماری دەنگی و وێنەی هەیە کە تێیدا کەسایەتییەکی دیاریکراو شـتێک دەڵـێت یان کارێک دەکات کە لە جیهانی ڕاستیدا هەرگیز ڕووی نەداوە، ئەمە تەنها خەیاڵـێکی زانستی نییە بەڵکو ڕاستیەکی تاڵە کە دەتوانرێت بە ئاسانی بـۆ تـۆمەتبارکردنی خەڵکی بـێتاوان یـان بـۆ شـاردنەوەی کەسـانی تاوانبـار بەکاربـهێنرێت و بـڵاوبوونەوەی ئەم تەکـنەلۆژیایە قەیرانێکی ڕاستەقینەی متمانە دروست دەکات نەک تەنها بـۆ بەڵگە دیجیتاڵییە نوێیەکان بەڵکو وای لێدەکات گومان لەسەر هەموو بەڵگە دیجیتاڵییەکان دروست ببێت تەنانەت ڕاستەقینەکانیش(١٣).

ئەم بـۆشاییە یاسـاییە ئـاڵنگارییەکی گەورەیە بـۆ سیستەمی دادوەری چونکە یاساکانی ئێستا بـۆ سـەردەمێک نووسراون کە بەڵگەکان یان فیزیکی بوون یان سادە کـە ئەم دۆخە نوێیە پێویستی بە وشیاریی بێپایانی دادوەران هەیە تا بە گومانەوە لە هەر بەڵگەیەکی دیجیتـاڵی بـڕوانـن هەروەهـا پێویسـتی بە دەسـتێوەردانێکـی خێرا و کـاری یاسـادانەر هەیە بـۆ دارشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاو کە بتوانێت وەڵامی ئەم گـۆڕانکارییانە بداتەوە و هاوسەنگی لەنێوان سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و پاراستنی ڕاستی و دادپەروەریدا ڕابگرێت.

**تەوەری سێیەم**

**شیکردنەوەی پەیوەندیی زیرەکیی دەستکرد بە یاساکانی سەلماندن**

لەم تەوەرەیەدا پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان زیرەکیی دەستکرد و ئامرازەکانی سەلماندن شی دەکەینەوە، لەبەرئەوەی یاساکانی ئێستا ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم تەکنەلۆژیایە ناکەن تـاکە دەروازەی یاسـایی بـۆ بەکـارهێنـانی چەمکـی شارەزاییـە، بـۆیە لەم ڕوانـگەیەوە ئەم تەوەرەیە لە چوارچێوەی دوو لقـی سـەرەکیدا شـی دەکەینەوە کـە لقی یەکەم ڕۆڵی زیرەکیی دەسـتکرد وەک ئـامرازێک لە کـاری شـارەزاییدا دەخـاتەڕوو هەروەهـا لقـی دووەمـیش لە ئاڵنگارییە یاساییەکان و پرسی بەرپرسیارێتی دەکـۆڵـێتەوە کە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەوە دروست دەبن.

**لقی یەکەم**

**زیرەکیی دەستکرد وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر لە کاری شارەزاییدا**

لەژێر ڕۆشـنایی یاسا بەرکارەکـانی ئێسـتادا نـاتوانرێت زیرەکیـی دەسـتکرد وەک بەڵگەیەکـی سـەربەخۆ پۆلێن بکرێت بەڵکـو تـاکە دەروازەی یاسـایی کە دەتوانێت ئەم

تەکنەلۆژیایە بەێنێتە ناو هۆڵی دادگاوە لە ڕێگەی بابەتی (شارەزایی)ەوەیە کە لەبەشی هەشتەمی یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ لە ماددەکانی (١٣٢) تا (١٤٦) ڕێکخراوە[١٤]، بەپێی ئەم چوارچێوە یاساییە سیستەمێکی زیرەکیی دەستکرد کە بۆ شیکردنەوەی بەڵگەیەک بەکاردێت وەک ئامرازێکی یارمەتیدەری زۆر پێشکەوتوو لەژێر دەستی شارەزایەکی مرۆییدا هەژمار دەکرێت، واتە دادگا ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەرەنجامی کارەکەی زیرەکیی دەستکرد ناکات بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەدا دەکات کە شارەزای دادوەری پێشکەشی دەکات کە پشت بە ئەنجامی کارەکانی ئەو ئامرازە تەکنەلۆژییە دەبەستێت[١٥].

بۆ نموونە وا دابنێ لە داوایەکی قەرەبوودا لایەنێک ڤیدیۆیەک پێشکەش دەکات کە تێیدا لایەنی بەرامبەر دان بە قەرزەکەیدا دەنێت و لایەنی بەرامبەریش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڤیدیۆکە (دیپ فەیک)ە و ساختەیە، لەم حاڵەتەدا دەتوانین ڕێکارەکان بەم شێوەیە شی بکەینەوە:

**١.پشت بەستن بە شارەزا:**

دادگا بۆ دڵنیابوونەوە بەپێی ماددەی (١٣٣)ی یاسای سەلماندنی عێراقی بڕیاری پشت بەستن بە شارەزایەک یان زیاتر لە بواری تاوانە دیجیتاڵییەکان و شیکاریی تەکنیکیی میدیادا دەدات[١٦]. کە ئەمەش هاوکۆکە لە گەڵ بنەما شەرعیەکان هەروەك خوای گەورە لە سورەتی (الحجزات) ئایەتی (٦) دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ} واتا {ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی لە دین دەرچوو هەواڵێکی بۆ هێنان ئێوە لێی بکۆڵنەوە و ڕاستییەکەی دەربخەن نەوەکو بە نەزانی زیان بە کۆمەڵێک بگەیەنن و دواتر پەشیمان ببنەوە لەوەی کردووتانە} کە ئەمەش دەکرێت ببەستینەوە بە ئاڵنگاریی (دیپ فەیک)ەوە، کە فەرمانی {فَتَبَيَّنُوا} (لێی بکۆڵنەوە) داوای میکانیزمێک دەکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەکان کە لێرەدا زیرەکیی دەستکرد هەم دەتوانێت کێشەکە بێت بە دروستکردنی هەواڵی ناڕاست و هەمیش دەتوانێت چارسەر بێت بە بەکارهێنانی سیستەمی زیرەک بۆ ناسینەوەی ساختەکاری کە ئەمە جەخت لەسەر گرنگیی کاری شارەزایی دەکاتەوە .

**٢.بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لەلایەن شارەزاوە:**

شارەزاکە بۆ دڵنیابوون لە ڕەسەنایەتی ڤیدیۆکە، دەتوانێت سیستەمێکی پێشکەوتووی زیرەکیی دەستکرد بەکاربهێنێت کە توانای شیکردنەوەی وردی پێکسڵەکانی وێنەکە و

نەخشەی دەنگ و نیشانە بچووکەکانی دەستکاریکردنی هەیە کە بە چاوی ئاسایی نابینرێن و هەستی پێناکرێن[١٧].

**٣.پێشکەشکردنی ڕاپۆرت:**

دواتر شارەزاکە لە ڕاپۆرتەکەیدا بەپێی ماددەی (١٤٤)ـی هەمان یاسا ئەنجامی شیکارییەکەی زیرەکیی دەستکردەکە ڕوون دەکاتەوە و ڕای پسپۆرانەی خۆی لەسەر ڕەسەنایەتی یان ساختەیی ڤیدیۆکە دەخاتەڕوو بە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل[١٨]. هەروەك هاتووە لە بنەمای بڕیارێکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان {شارەزاییان ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلیان پێشکەشی دادگا کردووە کە تێیدا چارەسەری سەرجەم ئەو لایەنەیان کردووە کە تایبەتە بە داواکە و پشتیان پێ دەبەسترێت}[١٩].

**٤.بڕیاری دادگا:**

لە کۆتاییدا دادگا بەپێی ماددەی (١٤٠)ـی هەمان یاسا ئازادە لە وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی ڕای شارەزاکە بەڵام دەبێت هۆکاری ڕەتکردنەوەکە لە حوکمەکەیدا ڕوون بکاتەوە، لێرەدا دادگا حوکم لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی شارەزاکە دەدات نەک ڕاستەوخۆ لەسەر دەرەنجامی کارەکەی زیرەکیی دەستکردەکە.[٢٠] کەواتە ئەگەر ڕاپۆرتەکە گونجاو بوو وەك بنەمایەك بۆ حوکم ئەوا دادگا پشتی پێ دەبەستێت، هاتووە لە بنەمای بڕیارێکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان {ئەگەر هەڵسانگاندنی شارەزا هۆکاردار و ڕوون و چارەسەری لایەنەکانی پەیوەست بە داواکەی تێیدا بوو ئەوا دەکرێت پەنای بۆ ببرێت و بکرێتە هۆکارێك بۆ بڕیارەکە}[٢١].

کەواتە پەیوەندیی نێوان زیرەکیی دەستکرد و بابەتی شارەزایی تەنها لە یارمەتیدانی شارەزا بۆ شیکاریی داتا کورت نابێتەوە بەڵکو ئاڵۆزییەکی نوێش دەخوڵقێنێت کە شارەزایەک دەتوانێت زیرەکیی دەستکرد بەکاربەێنێت بۆ ئاشکراکردنی ساختەکارییەک کە بە زیرەکیی دەستکردی دیکە دروست کراوە کە ئەمە دەبێتە شەڕێکی تەکنەلۆژی کە دادگا و سیستەمی دادوەری ناچار دەکات بەردەوام خۆیان لەگەڵ نوێترین پێشهاتەکاندا بگونجێنن.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

**لقى دووەم**

**ئاڵنگارییە یاساییەکان و بەرپرسیارێتی لە کاتی هەڵەکردنی زیرەکیی دەستکرد**

هەرچەندە بابەتی شارەزایی دەروازەیەکی یاسایی بۆ بەکارەێنانی زیرەکیی دەستکرد دابین دەکات بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ئاڵنگاری و بۆشایی یاسایی ڕاستەقینە دروست دەکات بەتایبەتی لە ڕووی بەرپرسیارێتی و باری سەلماندنەوە.

**یەکەم: ئاڵنگارییەکانی بەڵگە و باری سەلماندن:**

یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢[٢٢] هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ دانان بە بەڵگە ئەلیکترۆنییەکاندا، ماددەی (١٣)ی ئەم یاسایە بیانگەی یاسایی دەدات بە بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی بە مەرجێک چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت وەک (توانای پاراستن و هەڵگرتن، پارێزراوبوون لە دەستکاریکردن، دیاریکردنی ناسنامەی دروستکەر و کات)[٢٣].

بەڵام دیاردەی (دیپ فەیک) گەورەترین ئاڵنگاری بۆ ئەم ماددەیە دروست دەکات چونکە لە ڕواڵەتدا هەموو مەرجەکانی بەڵگەنامەیەکی ڕەسەنی تێدایە، لێرەوە ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە ئەرکی سەلماندن لە ئەستۆی کێیە یان ئایا ئەرکی سەلماندنی ساختەیی ڤیدیۆکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی نکۆڵی لێ دەکات یان ئەرکی سەلماندنی ڕەسەنایەتییەکەی دەکەوێتە سەرشانی ئەو کەسەی پێشکەشی کردووە؟ دەبینین یاسای واژۆی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی لەم ڕووەوە بێدەنگە بەڵام سروشتی ئەم بەڵگە نوێیانە وا دەکات پێویست بێت دادوەر بە گومانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، جێگەی باسە بەپێی ماددەی (٧)ی یاسای سەلماندن ئەرکی سەلماندن دەکەوێتە سەرشانی ئەو کەسەی کە بانگەشەیەک دەکات[٢٤]. هەروەك هاتووە لە بنەمای بڕیارێکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان {بەڵگە لەسەر داواکارە و سوێندخواردن لەسەر نکۆڵی کارە بۆیە پێویست بوو لەسەر دادگای تێهەڵچوونەوە لە دوای ئەژمارکردنی تێهەڵچوو بە دەستەوەستان لە سەلماندن پێویست بوو مافی ئاڕاستەکردنی سوێندخواردنی یەکلاکەرەوەی بداتی}[٢٥].

بۆیە لەم حاڵەتەی کە لە سەرەوە ئاماژەکرا پشت بەستن بە ڕای شارەزا ڕێکارێکی جەوهەرییە چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت یەکلابکرێتەوە.

**دووەم: بەرپرسیارێتیی یاسایی لە کاتی هەڵەکردن:**

پرسیارێکی گرنگی دیکە ئەوەیە ئەگەر زیرەکیی دەستکرد هەڵەی کرد کێ بەرپرسیارە؟ بەرپرسیارێتیی سەرەکیی شارەزا دەکەوێتە ئەستۆی شارەزا مرۆییەکە نەک خودی سیستەمە زیرەکە، هۆکارەکەشی ئەوەیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا زیرەکیی دەستکرد تەنها ئامرازێکە و کەسایەتی یاسایی نییە و شارەزاکە بەرپرسیارە لە دروستیی ڕاپۆرتەکەی و دەبێت دڵنیابێت لە بێگەردیی ئەو ئامرازانەی بەکاریدەهێنێت و ئەو خۆی بڕیار دەدات چ سیستەمێک بەکاربهێنێت بۆیە بەرپرسیارێتیی دەرەنجامەکانیشی لە ئەستۆی ئەوە، بۆیە لێرەدا دەڵێین چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی پیشەیی شارەزا لەسەر دوو پایەی سەرەکی بنیات نراوە یەکەمیان پابەندبوونی تەواو بە بنەما زانستی و هونەرییەکانی بوارەکەی و دووەمیان پاراستنی ڕەوشتی پیشەیی کە هەر جۆرە دەرچوونێک لەو ڕێسا و بنەمایانەی کە پێویستە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا ئاگاداریان بێت دەبێتە بنەمایەک بۆ لێپرسینەوە[٢٦].

جێگەی باسە ئەگەر شارەزا بە مەبەستی شێواندنی ڕاستییەکان بە ئەنقەست زانیاریی نادروست پێشکەش بکات ئەوا کارەکەی دەچێتە چوارچێوەی تاوانەوە و بەپێی ماددەی (٢٥٥)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

شایەنی باسە بە هۆی بوونی گومان لە هەڵەکردنی شارەزا وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی بۆیەش ڕاپۆرتی شارەزا وەک ڕاستییەکی ڕەها وەرنەگیرێت کە بەپێی ماددەکانی (١٤٠) و (١٤٦)ی یاسای سەلماندن دادوەر دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکەی هەیە و لایەنەکانیش مافی تانەدانیان هەیە ئەمەش وا دەکات دادوەر بە وردی لە میتۆدۆلۆژیای کارکردنی شارەزاکە و ئەو ئامرازانەی بەکاریهێناون بکۆڵێتەوە.

ئەوەی ماوەتەوە کە پێویستە بە هەند وەریبگرین ئەویش ئەوەیە ئەو لایەنەی بانگەشەی هەڵەکردنەکە دەکات ئەرکی سەلماندنی بانگەشەکەی لە ئەستۆیە و دەتوانێت لەم ڕێگایانەوە هەوڵی سەلماندنی بدات بۆ پووچەڵکردنەوەی دەرەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە ئەویش بەوەی:

١.گفتوگۆکردن لەگەڵ شارەزاکە بۆ دەرخستنی هەر کەموکورییەک لە میتۆد و ئامرازە بەکارهاتووەکانیدا هەروەك ئەوەی هاتووە لە ماددە (١/١٤٥) لە یاسای سەلماندنی عێراقی [٢٧].

٢.داواکردنی شارەزای تر بۆ پشکنینەوەی بەڵگەکە ئەمەش لە دەستەڵاتی دادگایە هەروەك هاتووە بە ماددە (٢/١٤٥) لە یاسای سەلماندنی عێراقی، دادگا بۆی هەیە هەر پرسیارێك بەسوودمەندی ببینێ بۆ یەکلاکردنەوەی داواکە ئاڕاستەی کەسی شارەزای بکات و بۆی هەیە ئەگەر بینی ڕوونکردنەوەکان بەس نینە ڕاسپاردەی شارەزا بکات بەدوور کەوتنەوە لە هەڵەکە یاخود کەموکورتی کارەکەی بەڕاپۆرتێکی سەربار (تەواوکار) یاخود کارەکە بسپێرێتە شارەزایەکی تر.

لە کۆتاییدا ئەگەر دادگا وای بینی ڕاپۆرتەکە وەك پێویست نییە بۆ حوکمدان یان کەم و کورتیەکی بابەتی یان شێوەیی یان هەر گومانێك لە ئارادایە ئەوا پێویستە شارەزایانی تر ڕاسپێرێت تاکو بڕیارەکەی جێگەی شکوو گومان نەهێڵێت. هەروەك هاتووە لە بنەمای بڕیارێکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان {لەبەرئەوەی کەسی شارەزا وەك مرۆڤێك تووشی هەموو ئەوانە دەبێتە کە مرۆڤ تووشی دەبن وەك هەڵەکردن و لەبیرچوونەوە، کەواتە دروستتر ئەوەیە کە بابەتەکە بخرێتە بەردەم سێ شارەزا لەمەشدا گرنتی زیاتر هەیە لە چارەسەرکردنی ئەو هەڵەیەی کە دەکەوێتە سەر یەك شارەزا و پشت بەستنی دادگای تێهەڵچوونەوە بە یەك شارەزا لەدوای ڕەتکردنەوە هەڵسانگاندنی یەك شارەزای دەستنیشانکراو لە لایەن دادگای بەراییەوە}[٢٨].

**کـۆتایی**

لە کـۆتایی ئەم گەشتە زانستییەدا بـۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان زیرەکیی دەستکرد و سەلماندنی هاوچەرخ و دوای شیکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم بابەتە، لە دەرفەتە گەورەکانەوە تا ئاڵنگارییە مەترسیدارەکان گەیشتینە کۆمەڵێک دەرئەنجام و ڕاسپاردەی گرنگ کە دەتوانرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا پووخت بکرێنەوە:

**یەکەم: دەرئەنجامەکان:**

لە هەڵێنجانی ئەمانەی پێشوو گەیشتینە کۆمەڵێك دەرئەنجام کە پێکهاتوون لەمانەی خوارەوە:

١.**سروشتی دوولایەنەی زیرەکیی دەستکرد**: توێژینەوەکە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە زیرەکیی دەستکرد هەم دەردە هەم دەرمان لە بواری سەلماندندا، لەلایەکەوە ئامرازێکی بێوێنەیە بۆ شیکردنەوەی داتای زەبەلاح و یارمەتیدانی شارەزایان لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان و ئاشکراکردنی ساختەکاری کەچی لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی تەکنەلۆژیای (دیپ فەیک) و

توانای دروستکردنی بەڵگەی ساختەی باوەڕپێکراوەوە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ڕەسەنایەتیی بەڵگە و بنەماکانی دادپەروەری.

٢.**بۆشایی یاسایی ڕوون:** یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ و یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی عێراقی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ٢٠١٢ و یاسا پەیوەندیدارەکانی تر لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەک ئامادە نین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاڵنگاری و دەرفەتانەی کە زیرەکیی دەستکرد دەیخاتە ڕوو چونکە ئەم یاسایانە لە چوارچێوەی سەردەمێک دارێژراون و بۆشاییەکی یاسایی گەورە لەم بوارەدا هەیە.

٣.**پێگەی یاسایی زیرەکیی دەستکرد:** بەپێی چوارچێوەی یاسایی ئێستا زیرەکیی دەستکرد خۆی لە خۆیدا وەک (بەڵگە) هەژمار ناکرێت بەڵکو دەکرێت پێگەی یاسایی بریتییە لە (ئامرازێکی یارمەتیدەری زۆر پێشکەوتوو) کە لەلایەن شارەزای دادوەرییەوە بەکاردەهێنرێت، واتە زیرەکیی دەستکرد تەنها لە ڕێگەی ئامرازی شارەزاییەوە دەتوانێت بێتە ناو پرۆسەی دادگاییەوە و بەهای یاسایی دەرئەنجامەکانی بەندە بە ڕاپۆرتی شارەزا و ئەو لێکدانەوە و پشتڕاستکردنەوەیەی کە شارەزای مرۆیی بۆی دەکات.

٤.**متمانە و ڕۆڵی دادوەر:** بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای (دیپ فەیک) قەیرانێکی متمانەی ڕاستەقینەی دروست کردووە کەوا دەکات گومان لەسەر هەموو بەڵگە دیجیتاڵییەکان دروست ببێت ئەمەش ئەرکی دادوەر زۆر قورستر دەکات و ناچاری دەکات بە وریایی و گومانێکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ بەڵگەکاندا بکات و تەنها پشت بە ڕواڵەتی دەرەکییان نەبەستێت.

**دووەم: ڕاسپاردەکان:**

لەسەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی کە پێیان گەیشتین، ئەم ڕاسپاردانە خوارەوە پێشکەش دەکەین:

**١.بۆ دەسەڵاتی یاسادانان:**

بەپەلە یاسای سەلماندن هەموار بکاتەوە کە بە ڕوونی مامەڵە لەگەڵ بەڵگەی نوێ بەتایبەت ئەو بەڵگانەی پەیوەستن بە زیرەکیی دەستکردەوە بکات هەروەها ڕێوشوێنی تایبەت دابنێت بۆ وەرگرتنی ئەم بەڵگانە کە مەرجەکانی ڕەسەنایەتی و متمانەپێکراوین، شایەنی باسە بۆ ئەوەی ئەم ڕاسپاردەیە زیاتر بەرجەستە بێت و لە چوارچێوەی تیۆریدا نەمێنێتەوە لە خوارەوە پێشنیازی هەمووارکردن یاسای سەلماندنی عێراقی بە ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ دەکەین.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

❖پێشنیاری هەموارکردن:

أ-هەموارکردنی ماددەی (١٣٢) بە پێشنیاری دەقی هەموارکراو (زیادکردنی بڕگەی دووەم): لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکەی شارەزا بۆی هەیە پشت بە ئامرازە زانستی و تەکنیکییە پێشکەوتووەکان ببەستێت کە سیستەمەکانی کۆمپیوتەر و زیرەکیی دەستکرد دەگرێتەوە.

ب-هەموارکردنی ماددەی (١٤٤) بە پێشنیاری دەقی هەموارکراو (گۆڕانکاری لە بڕگەی دووەم): پێویستە ڕاپۆرتەکە هەموو ئەو شتانەی کە پێیان گەیشتووە و ئەو هۆیانەی کە ڕایەکەی خۆی لەسەر بیناکردووە لەخۆوە بگرێت (بەتایبەت ئەگەر ئامرازی تەکنیکی پێشکەوتوو وەک سیستەمەکانی زیرەکیی دەستکرد بەکارهێنرا پێویستە لەسەر شارەزا لە ڕاپۆرتەکەیدا بەتەواوی ڕوونی بکاتەوە).

**٢.بۆ دەسەڵاتی دادوەری:**

پێویستە خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند و بەردەوام بۆ دادوەران و داواکارانی گشتی و پیشەوەرانی بواری یاسا بکرێتەوە، بەمەبەستی ئاشناکردنیان بە لایەنە تەکنیکی و یاساییەکانی زیرەکیی دەستکرد تا بتوانن هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆ ئەم جۆرە بەڵگانە بکەن هەروەها پێشنیار دەکەین ئەنجومەنی دادوەری کار بکات بۆ دانانی لیستێکی باوەڕپێکراو لە شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و زیرەکیی دەستکرد و ستاندارد و ڕێنمایی ڕوون بۆ کاری شارەزایی لەم بوارەدا دەربکات بۆ مسۆگەرکردنی وردی ڕاپۆرتەکانیان.

**٣.بۆ ناوەندە ئەکادیمی و توێژینەوەییەکان:**

پێویستە زانکۆ و ناوەندە توێژینەوەییەکان گرنگییەکی زیاتر بەم بابەتە نوێیانە بدەن و توێژەران هان بدەن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی قووڵتر لەسەر کاریگەرییەکانی زیرەکیی دەستکرد لەسەر بوارە جیاوازەکانی یاسا.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین کە ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی زیرەکیی دەستکرد تەنها ئەرکی لایەنێک نییە بەڵکو پێویستی بە هەوڵێکی هاوبەشی یاسادانەر و دادوەر و ئەکادیمییەکان هەیە تا بتوانرێت سوود لە لایەنە ئەرێنییەکانی وەربگیرێت و لە هەمان کاتدا سیستەمی دادوەری لە مەترسییەکانی بپارێزرێت و دادپەروەری مسۆگەر بکرێت.

(١) یحي محمد ربیع أزیبي، دور الذكاء الاصطناعي فی تحسين الخدمات الصحية، مجلة المعهد العالي للدراسات النوعية، مجلد٤، عدد ٨، ٢٠٢٤،ص٣٠٠١.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

(٢)د.عبدالله موسى و د.أحمد حبيب بيلال،الذكاء الاصطناعي ثورة في تقنيات العصر، دار الكتاب المصرية،ط١، القاهرة،٢٠١٩،ص١٨.

(٣) د. لمياء محسن محمد، مجالات الذكاء الاصطناعي تطبيقات واخلاقيات،دار العربي للنشر،٢٠٢٣،ص١٩.

(٤)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د. أسماء السيد محمد و د. كريمة محمود محمد، تطبيقات الذكاء الاصطناعي ومستقبل تكنولوجيا التعليم،دار الكتاب المصرية،ط١ ، القاهرة ،٢٠٢٠،ص٢٣ ؛ عبد السلام علي أحمد، سەرچاوەی پێشوو،ل١٣ ؛ د. هناء رزق محمد،أنظمة الذكاء الاصطناعي ومستقبل التعليم،مجلة دراسات في التعليم الجامعي، العدد الثاني والخمسون ،٢٠٢١، ص ٥٧٤-٥٧٩.

(٥) عبد السلام علي أحمد، دراسة حول استخدام الذكاء الاصطناعي في تعليم اللغات في الدول العربية،المجلة الليبية للدراسات الأكاديمية المعاصرة، المجلد ١، العدد ١، ٢٠٢٣، ص ١٢.

(٦) رشا محمد صائم احمد، تطبيقات الإدارة للذكاء الاصطناعي في اتخاذ القرارات الإدارية، جامعة الشرق الاوسط،٢٠٢٢،ص١١-١٥.

(٧) د. عبدالله موسى و د. أحمد حبيب بيلال،سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠

(٨) مراد الطهريوي،دور الذكاء الاصطناعي في التعليم،جامعة محمد الاول،كلية الاداب والعلوم الانسانية،مختبر التراث الثقافي والتنمية،وجدة(المغرب)،المجلد ٦، العدد ٢١ ،٢٠٢٥،ص ١٢ – ٢٥.

(٩) د. لمياء محسن محمد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣ ؛ مراد الطهريوي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢ – ٢٥.

(١٠)بڕوانە: مهدي حنا، الذكاء الإصطناعي والصراع الإمبريالي، دار النشر،٢٠٢٠،ص٤٩.

(١١)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: يحي محمد ربيع أزيبي، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠٠٨-٢٠١٤ ؛ عبد السلام علي أحمد، سەرچاوەی پێشوو، ص٩-١٩.

(١٢) دیپفەیک-Deepfake-ساختەکاریی قووڵ: تەکنەلۆژیایەکە پشت بە زیرەکیی دەستکرد و فێربوونی مەکینەیی دەبەستێت بۆ دروستکردنی ناوەڕۆکێکی ساختە کە وەک ئەوەی ڕاستەقینە بێت دەربکەوێت، ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵکردن و لاساییکردنەوەی وێنە و دەنگ بە شێوەیەکی ڕاستی بۆ کەسەکان یان ڕوودۆخەکان کە لە ڕاستیدا ڕوویان نەداوە کە ئەو تەکنەلۆژیایە تۆڕی قووڵ (deep networks) بەکاردەهێنێت بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە نموونە و وردەکارییەکانی ناو وێنە و دەنگەکان کە ئەمەش وای لێدەکات بتوانێت ناوەڕۆکێک بەرهەم بهێنێت کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستەقینە دەربکەوێت، دیپفەیک دەکرێت بۆ مەبەستی جیاواز بەکاربهێنرێت وەک هونەر و کات بەسەربردن بەڵام لەوانەیە بەکاربهێنانی زیانبەخشیشی هەبێت وەک ساختەکردنی ناسنامە یان دروستکردنی ناوەڕۆکی چەواشەکارانە و زیانبەخش، بڕوانە: د.محمد كرم كمال الدين الصاوي،تكنولوجيا التزييف العميق،مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية،المجلد العاشر،العدد الحادي والخمسون،٢٠٢٥،ص٦٧٧.

(١٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د.جميلة قادم، التأثير السلبي لتقنية التزييف العميق على سمعة الشخصيات البارزة على منصات التواصل الاجتماعي،مجلة العلوم وافاق المعارف،المجلد الرابع،العدد الاول،٢٠٢٤،ص٥١٠-٥٣٢.

(١٤)ياساكە بلاوكراوەتەوە لە وەقايعى عێراقى ژمارە (٢٧٢٨) لە (١٩٧٩/٩/٣) .

(١٥) بڕوانە: د.جاسم محمد علوان الجميلي،المواجهة الجزائية للجرائم الواقعة بأستخدام الذكاء الاصطناعي،مجلة العلوم القانونية والسياسية،جامعة ديالى، المجلد الثالث عشر، العدد الثاني،٢٠٢٤،ص١٥٣.

(١٦)ماددەی (١٣٣) لە یاسای سەلماندنی عێراقی: ( ئەگەر بابەتی داوا پێویست بکا پشت بە ڕای شارەزایان ببەسترێ ئەوا دادگا هەردوو لایەن ڕادەسپێرێت بەپێکهاتن لەسەر شارەزایەك یان زیاتر بەمەرجێ ژمارەیان تاك بێ لەوانەی کە ناویان لە خشتەی شارەزایاندا هاتووە یاخود لەوانەی کە ناویان لەم خشتەیە نەهاتووە و لەکاتی پێك نەهاتنی هەردوو لایەن لەسەر شارەزایەکی دیاریکراو ئەوا دادگا دەستنیشان کردنی شارەزا لە ئەستۆ دەگرێ).

(١٧) ماددەی (132) لە یاسای سەلماندنی عێراقی: (شارەزایی بوارە زانستی و هونەری و بوارە پێویستەکانی تری یەکلاکردنەوەی داوا لە خۆوە دەگرێ جگە لە پرسە یاساییەکان).

(١٨) ماددەی (١٤٤) لە یاسای سەلماندنی عێراقی:

یەکەم: شارەزا ڕاپۆرتێك ئامادە دەکات کە واژۆی کردووە دەربارەی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە.

دووەم: پێویستە ڕاپۆرتەکە هەموو ئەو شتانەی کە پێیان گەیشتووە و ئەو هۆیانەی کە ڕایەکەی خۆی لەسەر بیناکردووە لەخۆوە بگرێت

سێیەم: ئەگەر شارەزایەکان لە یەك شارەزا زیاتر بوون و جیاوازبوون لە ڕا ئەوا پێویستە لە ڕاپۆرتەکە ڕای هەر یەکێکیان لەگەڵ هۆکار کردنی بنووسرێ.

چوارەم: شارەزا ڕاپۆرتەکەی و کۆنووسی کارەکانی پێشکەش بەدادگا دەکات و وێنەیەك لە ڕاپۆرتەکە دەدرێتە ئەو نەیارەی کە داوای دەکات.

(١٩) ژمارە ی بڕیار: {٢٤٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە/٢٠١٣} لە :٢٠١٣/٩/٥، بڵاوکراوە لە : القاضي محمد مصطفى محمود جاف،الجديد في قضاء محكمة تمييز اقليم كوردستان، مكتبة هولير القانونية،٢٠١٩، ل١٥٦.

(٢٠) ماددەی (١٤٠) لە یاسای سەلماندنی عێراقی:

یەکەم: دادگا بۆی هەیە ڕاپۆرتی شارەزا بکاتە هۆیەك بۆ حوکمەکەی.

دووەم: ڕای شارەزا دادگا پابەند ناکات، بۆیە گەر دادگا بەپێچەوانەی ڕای شارەزا حوکمیدا، ئەوا پێویستە لە حوکمەکەی ئەو هۆیانە لەخۆ بگرێت کە پێویستی کرد ڕای شارەزا هەمووی یان هەندێکی وەرنەگرێ.

(٢١) ژمارەی بڕیار :{ ٣/ دەستەی شارستانی یەکەم/٢٠٠٦} لە :٢٠٠٦/٢/٥، بڵاوکراوە لە: القاضي جاسم جزاء جافر والمحقق القاضي كامران رسول سعيد،أهم المبادئ القضائية لمحكمة تمييز إقليم كوردستان–العراق للسنوات(٢٠٠٠–٢٠٠٦)، کتێبخانەی یادگار،٢٠١٥،ل٤٧٤.

(٢٢) ئەم یاسایە لە ٢٠١٢/١١/٥ لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی عێراقی ) بە ژمارە (٤٢٥٦) بڵاوکراوەتەوە.

(٢٣) ماددە (١٣) لە واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ : یەکەم: بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی و نووسینی ئەلیکترۆنی و گرێبەستی ئەلیکترۆنی هەمان بیانگەی یاسایی هاوتا کاغەزیەکانیان هەیە ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدابێت:

أ- ئەو زانیاریانەی تێیدا هاتووە دەبێت بتوانرێت بپارێزرێت و هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی لە هەر کاتێکدا وەربگیرێتەوە.

ب- ئەگەری هێشتنەوەی بەو فۆرمەی کە دروستکراوە یان نێردراوە یان وەرگیراوە یان بە هەر شێوەیەک کە ئاسانکاری بکات بۆ سەلماندنی ووردی ئەو زانیاریانەی تێیدا هاتووە کاتێک دروستکراوە یان نێردراوە یان وەرگیراوە بە شێوەیەک کە دەستکاریکردن بە زیادکردن یان سڕینەوە قبوڵ نەکات.

ج- ئەو زانیاریانەی تێیدا هاتووە پێویستە ئاماژە بەوە بکات کە کێ دروستی کردووە یان وەریگرتووە هەروەها ڕێککەوت و کاتی ناردن و وەرگرتنی.

دووەم: ئەو مەرجانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە ئەو زانیاریانەی هاوڕێی بەڵگەنامەکان ناگرێتەوە کە مەبەستیان ئاسانکارییە بۆ ناردن و وەرگرتنیان.

سێیەم: واژۆکار یان وەرگر دەتوانێت بە هەموو شێوازەکانی سەلماندن کە لە ڕووی یاساییەوە دیار کراوە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی بسەلمێنێت.

(٢٤) ماددەی (٧) لە یاسای سەلماندنی عێراقی:

یەکەم- بەڵگەدان لەسەر ئەو کەسیە کە داواکارە و سوێندخواردن لەسەر ئەو کەسیە کە نکۆڵیکارە.

دووەم- داواکار ئەو کەسەیە کە خۆی بەپێچەوانەی ڕووکەش دەبەستێ و نکۆڵیکار ئەو کەسەیە کە خۆی بەهێشتنەوەی بنەڕەتەوە دەبەستێ.

(٢٥) ژمارەی بڕیار:{٥٧٤/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە/٢٠١٧ } لە (٢٠١٧/١٢/١٨)، بڵاوکراوەتەوە لە: القاضي محمد مصطفى محمود جاف، سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٠.

(٢٦) محمد حيدر فخرالدين و أوس يحيى الطائي، كيف تصبح خبيراً قضائياً،ط٢،دار المحامي القانونية النجف، ٢٠٢١، ص٢٤ ؛ یاسای شارەزایانی عێراقی لەبەردەم دادگا ژمارە (١٦٣)ی ساڵی ١٩٦٤ هەموارکراو.

(٢٧) ماددەی (١/١٤٥) لە یاسای سەلماندنی عێراقی:

یەکەم : دادگا بۆی هەیە لەخۆیەوە یاخود لەسەر داواکاری نەیارەکان بڕیار بدات کەسی شارەزا داوا بکرێ بۆ ئامادەبوونی دانیشتنەکە ئەگەر بینی کە ڕاپۆرتەکە وەك پێویست نییە یاخود وای بینی کە ڕوونکردنەوەی لێوەر بگرێ لەبارەی کاروباری دیاریکراوی پێویست بۆ یەکلایی کردنەوەی داواکە .

(٢٨) ژمارەی بڕیار :{٢٥٥/دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە/٢٠١٢} لە :٢٠١٣/٩/٢٦، بڵاوکراوە لە: القاضي محمد مصطفى محمود جاف، سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٧.

## سەرچاوەکان

لەدوای قورئانی پیرۆز...

**یەکەم : پەرتووکە یاسایەکان**

١.د.أسماء السيد محمد و د. كريمة محمود محمد، تطبيقات الذكاء الاصطناعي ومستقبل تكنولوجيا التعليم،دار الكتاب المصرية،ط١ ،القاهرة، ٢٠٢٠.

٢.د.جاسم محمد علوان الجميلي،المواجهة الجزائية للجرائم الواقعة بأستخدام الذكاء الاصطناعي،مجلة العلوم القانونية والسياسية،جامعة ديالى، المجلد الثالث عشر، العدد الثاني،٢٠٢٤.

٣.د.جميلة قادم،التأثير السلبي لتقنية التزييف العميق على سمعة الشخصيات البارزة على منصات التواصل الاجتماعي،مجلة العلوم وافاق المعارف،المجلد الرابع ،العدد الاول ،٢٠٢٤.

٤.د.عبدالله موسى و د. أحمد حبيب بيلال، الذكاء الاصطناعي ثورة في تقنيات العصر، دار الكتاب المصرية،ط١، القاهرة،٢٠١٩.

٥.د.لمياء محسن محمد، مجالات الذكاء الاصطناعي تطبيقات واخلاقيات،دار العربي للنشر،٢٠٢٣.

٦.د.محمد كرم كمال الدين الصاوي،تكنولوجيا التزييف العميق،مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية،المجلد العاشر،العدد الحادي والخمسون،٢٠٢٥.

٧.د.هناء رزق محمد،أنظمة الذكاء الاصطناعي ومستقبل التعليم،مجلة دراسات في التعليم الجامعي، العدد الثاني والخمسون ،٢٠٢١.

٨.رشا محمد صائم احمد، تطبيقات الإدارة للذكاء الاصطناعي في اتخاذ القرارات الإدارية، جامعة الشرق الاوسط،٢٠٢٢.

٩.عبد السلام علي أحمد، دراسة حول استخدام الذكاء الاصطناعي في تعليم اللغات في الدول العربية، المجلة الليبية للدراسات الأكاديمية المعاصرة،المجلد ١، العدد ١، ٢٠٢٣.

١٠.القاضي جاسم جزاء جافر والمحقق القاضي كامران رسول سعيد،أهم المبادئ القضائية لمحكمة تمييز إقليم كوردستان – العراق للسنوات ٢٠٠٠ – ٢٠٠٦ ، كتبخانەی يادگار،٢٠١٥.

١١.القاضي محمد مصطفى محمود جاف، الجديد في قضاء محكمة تمييز اقليم كوردستان، مكتبة هولير القانونية،٢٠١٩.

١٢.محمد حيدر فخرالدين و أوس يحيى الطائي، كيف تصبح خبيراً قضائياً،ط٢،دار المحامي القانونية النجف، ٢٠٢١.

١٣.مراد الطهريوي،دور الذكاء الاصطناعي في التعليم،جامعة محمد الاول،كلية الاداب والعلوم الانسانية،مختبر التراث الثقافي والتنمية،وجدة(المغرب)،المجلد ٦، العدد ٢١ ،٢٠٢٥.

١٤.مهدي حنا، الذكاء الإصطناعي والصراع الإمبريالي، دار النشر،٢٠٢٠.

١٥.يحي محمد ربيع أزيبي، دور الذكاء الاصطناعي فى تحسين الخدمات الصحية، مجلة المعهد العالي للدراسات النوعية، المجلد٤، العدد ٨، ٢٠٢٤.

**دووەم: یاساکان وبلاوکراوەکان:**
١٦.یاسای شارەزایانی عێراقی لەبەردەم دادگا ژمارە (١٦٣)ی ساڵی ١٩٦٤ هەموارکراو.
١٧.یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو.
١٨.یاسای سەلماندنی عێراقی بە ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ دەکەین.
١٩.ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی عێراقی ) بە ژمارە (٢٧٢٨) لە ١٩٧٩/٩/٣.
٢٠.یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢
٢١.ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی عێراقی ) بە ژمارە (٤٢٥٦) بڵاوکراوەتەوە لە ٢٠١٢/١١/٥.

**سێیەم: بڕیارەکانی دادگا:**
٢٢.ژمارەی بڕیار :{٣/دەستەی شارستانی یەکەم/٢٠٠٦} لە: (٢٠٠٦/٢/٥).
٢٣.ژمارە ی بڕیار:{٢٤٧/دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە/٢٠١٣} لە: (٢٠١٣/٩/٥).

٢٤.ژمارەی بڕیار :{٢٥٥/دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە/٢٠١٢} لە: (٢٠١٣/٩/٢٦).
٢٥.ژمارەی بڕیار:{٥٧٤/دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە/٢٠١٧ } لە: (٢٠١٧/١٢/١٨).

**Sources**
**After the Holy Quran.**
First, the legal books
1. Dr. Asma Al-Sayed Mohammed and Dr. Karimah Mahmoud Mohammed, Improvised Zakat Applications and the Future of Educational Technology, Egyptian Book House, Volume 1, Cairo,
2. Dr. Jassim Mohammed Alwan Al-Jamili, Criminal Approach to Real Crimes Using Artificial Zakat, Journal of Legal and Political Sciences, Diyala University, Volume III Tenth, Second Edition,
3. Dr. Jamila Qadim, The Negative Impact of Deep Screening Techniques on the Reputation of High-Level Personalities on Social Communication Networks, Journal of Science and Knowledge Cooperation, Volume Four ،First Issue ،2
4. Dr. Abdullah Musa and Dr. Ahmed Habib Bilal, Improvised Zakat Revolution in Modern Technologies, Egyptian Book House, Volume 1, Cairo,
5. Dr. Lamia Mohsen Mohammed, Artificial Zakah Magazines, Applications and Ethics, Arabic Publishing House,
6. Dr. Mohammed Karam Kamal al-Din Al-Sawi, Deep Cleaning Technology, Journal of Architecture, Arts and Humanities, Volume 10, Al-Hadi and Al-Khamsun,

7. Dr. Hana Rizq Mohammed, Artificial Zakah System and the Future of Education, Journal of Studies in Public Education, Second and Fifth Issues,
8. Rasha Mohammad Saim Ahmed, Management Applications of Innovative Zakah in Making Administrative Decisions, Middle East University,
9. Abdul Salam Ali Ahmed, A Study on the Use of Synthetic Zakat in Language Teaching in the Arab World, Libyan Journal of Contemporary Academic Studies, Vol. Issue 1,
10. Judge Jassim Jaza Jaafar and Researcher Judge Kamran Rasul Saeed, Important Judicial Principles for the Kurdistan Regional Court of Appeal – Iraq for the years 2000 - 2006, Yadgar Library, 2015.
11. Judge Mohammed Mustafa Mahmoud Jaf, New in the Judiciary of the Kurdistan Regional Court of Appeal, Hulir Law Office,
12. Mohammed Haider Fakhruddin and Os Yahya Al-Tai, How to Discover Judicial Experts, Vol. 2, Najaf Law Office,
13. Murad Al-Tahriwi, The Role of Artificial Zakah in Education, Mohammed First University, Faculty of Arts and Humanities, Cultural Heritage Laboratory Development, Wajdah (Morocco), Volume 6, Issue 21,
14. Mahdi Hana, Exceptional Zakah and Imperial Struggle, Dar Al-Nashr,
15. Yahya Mohammed Rabi Azibi, The Role of Innovative Zakat in Improving Health Services, Journal of the Higher Institute for Qualitative Studies, Volume 4, Number 8,
Second: Laws and Publications:
16. Iraqi Experts in Court Law No. 163 of 1964, as amended.
17. Iraqi Penal Code No. 111 of 1969, as amended.
18. Iraqi Evidence Law No. 107 of
19. Official newspaper (Waqi'i Iraqi) No. (2728) on 3/9/1
20. Law on Electronic Signatures and Electronic Transactions No. 78 of
21. Official newspaper (Waqi'i Iraqi) No. (4256) published on 5/11/2
Third: Court Decisions:
22. Decision No.: {3/First Civil Board/2006} from: (5/2/2006).
23. Decision No.: {247/Civil Board of Appeal/2013} on: (5/9/2013).
24. Decision No.: {255/Civil Board of Appeal/2012} on: (26/9/2013).
.٢٥Decision No:{574/Civil Board of Appeal/2017 } on: (18/12/2017.(



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦